# عەدنان موفتی لەبازاڕێکی سارددا
# عیراقی بوونو فیدراڵچیەتی دەبەخشێتەوە!

ڕێبوار عارف

بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان چەند ڕۆژێ لەمەوبەر چاوپێکەتنێکی لەگەل ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)دا ئەنجامدا کە لە ژمارە 10047دا بلاوکرایەوە. هاوکات لەگەل چاوگێرانێکی سەرپێیانە بە چاوپێکەوتنەکەدا، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانو سەدان کەسی تر نارەزایەتیەکی بەرفراوانیان دەربڕیوە دژ بە "فتوای" بە عیراقی لە قەلەمدانی سەدان هەزار پەنابەری کورد لە هەندەران. با لەوەگەڕێین کەپاش ئەو نارەزایەتی دەربڕینە بۆ پەرلەمان لە ڕۆژی9ی مانگدا بە پەلە ڕوونکردنەوەیەکیان لەپەیوەند بەو ئیمزایانە بلاوکردەوە کە تیدا پاش لێوکرۆژان ودانجیرکردنەوە لەکەسانێك کەنارەزایەتیان دەربڕیوە هاوکات بە بەهانەی وەرگێڕانی دەقی چاوپێکەوتنەکەوە بە "کوردی یەکی پاراو" کە تێیدا جیاواز لە دووپاتکردنەوەی عیراقی بوونی ئەو سەدان هەزار ئینسانەی کەناچارکراون لە هەندەران ژیان بەسەربەرن، هەروەها ئەمجارەیان فیدراڵچی بوونیشی کردە تایبەتمەندیەکی تری کوردانی هەندەران، دیارە ئەم شانازیە گەورەیان بە پشتیوانەی ئەوەی کە لەخوا بەزیادبێت سەرۆکەکەی عیراق کوردە. باشتروایە کە ڕاستەخۆ دەقی ئەوبەشە لە چاوپێکەوتنەکە بخەینە ڕوو کە دەڵێت: ((لەسەردەمی ڕژێمی سەدام کوردێکت لە ئەورپا نەدەدۆزییەوە کە ئەو بلێ عیراقیمە. بەلکو پێی دەگوتیت کوردم، بەلام ئێستە لەسایەی دەولەتی فیدراڵ ودیموکراتی نوێ دا، دەبینی زۆربەی کوردەکانی ئەورپا دەلێن، ئەوان عیراقین، یاخود کوردی عیراقین، چونکە ئێستە لەعیراقێکی جیاوازداین. کە سەرۆکەکەی کوردە ئەویش عیراقێکی فیدراڵە. کە گەلی کورد لە پێناویدا خەباتی کردوەو جیاوازی هەیە لەگەل عیراقی پێشوودا...)). ئەمە دەقو ناوەرۆکی پەرەگرافێك بوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران وسەدان کەسی تریش نارەزایەتی خۆی لەبەرامبەر ئەو هەلوێستەی سەرۆکی پەرلەماندا دەربڕی.

پێش هەرشتێك ئەوە بلێم کە گومانم هەیە دەسەلاتێك کە لەسەرەوە کە لەسەر بنچینەی (تەوافق) بنیادنرابێت، بتوانێت مافی دەخالەتکردنی خوارەوە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بەسەلمێنێت... (تەوافق)ێك کەلەسەر بنچینەی بەرەسمیەت ناسینی بەشی قەوم وعشیرەو مەزهەب... بێت مانایەك بۆ هاولاتی بوون ناهێلێتەوە. بۆیە لەوەها حالەتێکدا چەمکی ماف وئازادیە فەردیو مەدەنیەکانی تاماف وئازادیە سیاسییە گشتگیرەکان مەحەلێکیان نابێت لە ئیعرابدا. ئەوکاتە سەندنەوەو زەوتکردنی مافی هەلبژاردن وبڕیاردان وبیروڕادەربڕین لە هاولاتیان، یەکەمین وگرنگترین ئەرکی سەرشانی ئەو دەسەلاتەیە کە دەیەوێت جێپێی خۆی قایم بکات. کەواتە هەربەو مانایەش فەرمانی بەعیراقی کردنی کوردانی هەندەران وفتوای فیدرالچیەتیش لەخانەی دەسەلات وئازادیە ڕەهاکانی پەرلەماندایە. بۆیە کاتێك لەشوێنێکەوە دەنگی نارەزایەتی دژ بەبڕیارو سیاسەتێکی پەرلەمان بەرزبێتەوە، ئەوا پەرلەمان بە مافی ڕەوای خۆی دەزانیت کە لە ژێر ناوی وەلامدانەوەدا، کارتی زەرو سوور دژ بە فاولچیانو گێرەشێوێنەکان دەربهێنێ.

بەلام جیاواز لەهەلوێستی ئەو پەرلەمانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی شەپۆلی نارەزایەتی دەربڕینی ڕۆشنبیران وسەدان هاولاتی تر دەبیتەوە، ئایا هەلوێست ودەوری ڕۆشنبیرانی هەندەران چی بووە لە بەرامبەر سیاسەت وئامانجەکانی ئەم پەرلەمانەی کە ئەمڕۆ بەوشێوە بەرفراوانە ڕخنەیان ئاراستە دەکرێت؟. ڕەنگە بە هەلەدا نەچووبم ئەگەر بلێم هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو پەرلەمانەکەیان ئامانج وبەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەسەلاتداریەتی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە وەك پێشترو هەتا ئیستەش بەئاشکراو بێ هیچ پێچوپەنایەك بانگەشەیان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە کردوەو دەکەن بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەلاتە فیدرالییەکەیان. وە هەر لەمبارەشەوە لەماوەی سێ سالی ڕابردودا دوو هەلبژاردنو دەنگدانیکیان بۆ دەستوور هەبوو کە بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی کە ئەمڕۆ نارەزایەتی خۆیان دژ بە بەعیراقی کردنیان دەردەبرن لە پرۆسەی هەردوو هەلبژادنەکەو دەنگدان بە دەستووریشدا لەژێر ناوی (دەنگدان بۆ کورد)دا دەنگیان بەو حزبانەدا کە شانازی بە لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە دەکەن!

هەر بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی سەرەوە، پاساوی ئەو هەلوێستگرتنانە بۆ پەرلەمانێك کە ئێوە خۆتان دەنگتان پێدا ئاسان وئاسایی ولۆژیکییە. ئاساییە کە بلێن ئەی چۆن مەگەر ئێوە خۆتان ڕەئیتان بە ئێمەو دەستوورەکەماننەدا، مەگەر نەتاندەزانی کە چەند سالە سوێند بە یەکپارچەی خاکی عیراق دەخۆین، مەگەر دەیانجار سەرکردەکانی پارتی ویەکیتی ڕایاننەگەیاندبوو کە جیاوازخوازنین ویەکیتی خاکی عیراق ئامانج وهیواو ئاواتمانە، مەگەر پێشوەخت ڕامانەگەیاندبوو کە خوازیاری حکومەتێکی فیدرالین. کەواتە دەبێت دۆستانێك کە ناڕازین بەو تەسیرحاتەی عەدنان موفتی، ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئایا ئەو دەسەلاتە فیدرالیەی ئەم حزبانە بە نوێنەری خۆتان دەزانن؟ یا دەتانەوێت دەنگ بە یاساو دەستوورێك بدەن کە جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتیکی سکۆلار مسۆگەر دەکات! کە دیارە ئەمەش تەنها کاتێك ئیمکانی دەبێت کە تۆی ڕۆشنبیرو ئازادیخواز ڕیزی خۆت لەڕیزی ئەو حزب ودەسەلاتە جیاکردبێتەوە کە نەك هەر بانگەشەی لکانەوەی کوردستان بەعیراقەوە دەکا، بەلکو خۆیان بەشێکن لەو دەسەلاتەی کەدژ بەجیابوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەولەتێکی سکۆلارە. هەر بۆیە تەنها کاتێك ئەو ڕەخنەو نارەزایەتی دەربڕینە دەتوانێت مانا پەیدا بکاتو کاریگەری هەبێت کە تۆ لێراونە ڕیزی خۆت لەو دەسەلاتە جیاکردبیتەوەو هەلوێستێکی توندو لێبڕاوانەت دژ بەفیدارلیزم ودەسەلاتەکەی هەبێت وئالای جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی عەلمانی ببێتە بەشێك لەخەبات وژیانی ڕۆژانە. جێگەی خۆیەتی کە هەر لێرەدا ئەوەش بلێم کە بەڕاستی بە پێچەوانەی زۆرێك لەو ڕۆشنبیرانەوە کە داینەمۆی بەگەڕخستنی قەلەمەکانیان بە موقەدەس بوونی خاك وقەومسازی وعاشقی کێوو تەلانو داروبەردی وەتەنەوە گریداوە. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە تا کاتێك

ئینسان پەی بە بوونی خۆیو بەها ئینسانیەکانی نەبات هەست نەکات کە ستەمو چەوسانەوەیەك چیدی بەرۆکی پێناگرێت، ئیتر موقەدەسبوونی کوردبوونی تۆ هەمان دیوی موقەدەسی عەرەب بوونی ئەوە. کە خالی هاوبەشی هەردوو حاڵەتەکە درێژەدانە بە تەمەنی شەڕێکی داتاشراو یا سەپێنراوی قەومگەرای کە تێدا هەر تۆی ئینسان ڕەنجی لێدەبەیت. کەواتە کورد بوون یا عیراقی بوون، هەردووکیان دوو دیوی یەك دراونو بەشوێنێکمان ناگەیەنێ کە هەست بە ئینسانیەتی خۆمان بکەین. هەربۆیە من هەموو ئەو کۆدە (موقەدەسانە) دەکەمە قوربانی ئەوساتە وەختانەی کەتاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان وەك ئینسان چۆن بەختەوەردەبن وچۆن لە قوربانیدانو بۆردومانو ئەنفالو کیمیاباران وستەم وچەوسانەوە ڕزگاریان دەبێتو کام ڕێگە دەتوانێ بەختەوەری وماف و ئازادیەکانی ئەوخەڵکە مسۆگەربکات. دەستەلاتیك بە ناوی کورد بوونەوە ناتوانیت بۆ من موقەدەس بێت، کە جەماوەری بەرینی کۆمەلگای لە نەبوونی ئاو کارەباو سووتەمەنیو داو دەرمان ڕەنج بەرن، دەستەلاتێك ناتوانێت موقەدەس بیت کە بە تەقەکردن وسزادانو زیندانی کردن وەلامی داخوازی لاوان ومامۆستایانو قوتابیانو خەلکی هەلەبجەو کەلارو... بداتەوەو هەر بە "یاسا" بەلام یاساکانی بەعس ڕێگە لە ئازادی بەیانو بیروڕادەربرین بگریت. کەواتە حاشا لە موقەدەسبوونی ئەو خاکەی کە خەڵکەکەی تیدا چەوساوەو دیل ودەردەدار بێت وسەروەری بۆ ئەو ڕێگاچارەی کەدەتوانێ ئازادیو سەرفرازی بکاتە میوانی هەمیشەیی جەماوەری ستەمدیدە.

### کوردبوونی سەرۆکۆماری حکومەتی فیدرال چ حیکمەتێکە؟

ڕێگە بدەن بالێرەدا ئاوڕێك لە دیوێکی تری ڕوونکردنەوەکەی پەرلەمان بدەینەوە کە کوردبوونی سەرۆکیکی عێراقە لە حکومەتی فیدرالدا. لایەنێکی گرنگی ئەم تەوەرە لەوەدا دەبینمەوە کە زۆرجار ڕۆشنبیران وتەنانەت ژمارەیەك لەو بەڕێزانەی کەناڕەزایەتیان دەربڕیوە دژ بە هەلوێستی پەرلەمان، ئەمەیان بە خاڵێکی پرشنگدار لەقەلەمداوە بۆیە لەپاڵ هەلۆێستەیەکدا لەبەرامبەر بەو شانازیە گەورەی سەرۆکی پەرلەماندا، بەهیوام پرسیارێکم بۆ ئەوبەشە لە ڕۆشنبیران دروست کردبێت کە حیکمەتێك لە کورد بوونی سەرۆکۆماری عیراقدا دەبیننەوە کە منیش پێموایە حیکمەتە بەلام چ جۆرە حیکمەتێك؟.

بەڕێز عەدنان موفتی دەڵێت☹(لەسەردەمی ڕژێمی سەدام کوردێکت لە ئەورپا نەدەدۆزییەوە کە ئەو بلێ عیراقیمە... بەڵام ئێستە دەبینی زۆربەی کوردەکانی ئەوروپا دەڵێن، ئەوان عیراقین، یاخود کوردی عیراقین، چونکە ئێستە لەعیراقێکی جیاوازداین. کە سەرۆکەکەی کوردە ئەویش عیراقێکی فیدراڵە... خەتی ژێر ڕستەکە لەلایەن منەوەیە)). پەرلەمانەکەی بەڕێز عەدنان موفتی هەموو فەلسەفەی جیاوازی نێوان ئەمڕۆو دوێنێی سەردەمی بەعس بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کەئەمڕۆ کوردێك سەرۆکی عیراقە. کەبەبڕوای من ئەمە پوچترینو لاوازترین لایەنی ڕوونکردنەوەکەو ئەو دیاردەیەیە کە شانازی پێوەدەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم عیراقی فیدراڵە کوێی جێگەی شانازیەو کامەیە ئەو بەرهەمەی کە ئەو خەڵکە لە سایەیدا حەساوەتەوە؟ ئەم حکومەتە فیدراڵیەی ئێوە وەلامی بەکام گۆشە لە ئەمنیەتو ئاسایشو ئازادیو نەهامەتەکانی خەڵکی عیراق داوەتەوە؟ یا تەنانەت کام هەنگاوی ئەم حکومەتە فیدراڵە بۆ خەڵکی کوردستان جێگەی خۆشحالیو هیواداربوونە؟ ئێوە حکومەتتان لەگەل ئەو کەس ولایەنانەدا پێکهێناوە کە بە ڕۆژ لەبڕیارەکانی پەرلەماندا تەنگتان پێهەلدەچنن وبەشەویش نەخشەی تەقینەوەکانی سبەینی دەکێشن لەشەقام وشوێنە گشتیەکانی ئەم ولاتەدا. دەکرێت ئەگەر بە ئەرك نەبێت ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەنها یەکێك لەو سیاسەت وڕێکەوتنە سەرکەوتووانەی نێوان خۆتان وجەعفەری وسەدرو بەدرو بەدرەکان بدەن. مەگەر پاش سێ ساڵ کاری "شەوانەو ڕۆژتان" لەگەل ئەو لایەنانەدا هێشتا توانیویەتی بەرهەمەکەی بەوە بگات کە تەنها مادەی 58ی کەرکوکتان کە بەدرێژای ئەو ماوەیە هەڵهەلەتان بۆ لێدەدا بە شوێنێك بگەیەنن. حزبە دەستەلاتدارەکانی کوردستان لە ڕادەبەدەر شانازی بەسیستەمی فیدراڵیەوە دەکەنو وەك گرنگترین هەنگاوی بە دیموکراتی کردنی ولات پێناسەی دەکەن. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە فیدراڵیزم هەر لەسەرەتای داسەپاندنیەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا تەرحێکی نامۆو نائاشناو پێچەوانەی خواستو ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان بوو. وە بە کردەوە زیاتر لە هەرشتێك ئەم فیدراڵیزمە خالێ هاوبەشی دابەشکردنی دەستەلاتە لەنیوان پارتی ویەکێتیدا کە زیاتر بەمەبەستی جێ پێ قایم کردنی خۆیانو سازانو ڕیکەوتن بووە لەگەل دەسەلاتی مەرکەزیدا. فیدراڵیزم هەنگاوێکە بۆ قانعکردنی دەستەلاتی مەرکەزی تا لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەم حزبانەوە بتوانرێت جارێکی تر پاشەکشە بە خواستی واقعی خەڵکی کوردستان بکەن کە مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتە. ئەم تەرحە بەکورتی ڕێگەیەك بووە بۆ بێئیرادەکردنی خەڵکی کوردستان ودورخستنەوەیان لەڕێگە چارەیەکی واقعی تا لەسایەیدا حزبە دەسەلاتدارەکان وسەرکردەو لپیسراوانیان بتوانن بە نازو نیعمەتی ئەمڕۆیان بگەنو بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە هەرچی سەرمایەو سەروەت وسامانو دەستکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە تالانی بکەنو تازە ئەو مافەش بە تاکی ئەم کۆمەلگایە قایل نەبن کە دەوری هەبێت لە بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و کۆمەلگاکەیدا. دیوێکی تری ئەم ڕوونکردنەوەتان، شانازی کردنە بەوەی کە مادام سەرۆکەی عیراق کوردە، ئیتر ئەوە هەموو شتێکە. بەلام لە ڕاستیدا سەرۆکۆماربوونی عیراق دەتوانیت وەلام بە کام کێشە بداتەوە، جگە لە خۆڵکردنە چاوی خەلك. ئایا بەڕاستی بوونی ئەم پێگەیە بۆ سیاسەتمەدارو کەسایەتیەکی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان، دەتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان ومەسەلەی کورد بەرەو شوێنێکیتر بەرێو چارەسەرێکی عادلانەی بۆ مسۆگەر بکات. کە گومانی تیدا نیە وەلامەکەی مەنفییە!

بوونی مام جەلال بە سەرۆکۆمار بەخاتری پێگەی باشتری ژیانێکی ئینسانی خەڵکی کوردستان نیە بەڵکو لە ڕاستیدا باجێکی زۆر ڕۆشنە کە جێگۆڕکێی لەگەل مەسەلەی کوردا پێکراوە. بوونی مام جەلال لەو شوینەدا بۆ قانعکردنی هەموو لایەنەکانە بەوەی کە هەموو مەسەلەی چارەنووسی خەلکی کوردستان

بکرێتە قوربانی ئەو پێگەیەی کە سەرۆك بە دەستی هێناوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی پاش زیاتر لە سێ سال چارەنووسی کۆمەلگای کوردستان بەرەو کوێ دەچێتو چ ئایندەیەکی بۆ مسۆگەر کراوە وچۆن ئەم کۆمەلگایە پاش 15 سال لەسەرگەردانی سیاسی دەخرێتە سەرپێی خۆیو بەچ ئاڕاستەیەکدا دەبرێت کە هاوولاتیانی وەك هەمیشە لە دلە ڕاوکەی دووبارە بوونەوەی ئەنفال وکیمیاباران ڕزگاریان بێت. چ سیاسەت ولایەن ودەسەلاتێك دەتوانیت زامنی ئایندەیەکی ئینسانی وبەختەوەر بێت بۆ خەلکی کوردستان. بە درێژای مێژووی کێشەی کورد، دیاریکردنی مافی چارەنووس بە جیابوونەوەو پێکهێنانی دەولەتیشەوە لەئارادابووە، کە بەتایبەت بۆ ئەمڕۆ تەنها ڕێگەی واقعی وچارەنووساز جیابوونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی عەلمانی یە! ڕەنگە ڕیفراندۆمەکەی دوو سالَ لەمەوبەر کە لە 98٪ ی خەلکی کوردستان دەنگیان بۆ جیابوونەوەدا ڕۆشنترین بەلگە نەویست بێت کە گوزارشت لە خواستو ئارەزوەکانی خەلکی کوردستان بکات. بەلام ئەو سەرۆکۆمارەی عیراق کە ئەمڕۆ پەرلەمانەکەی ئەم دەڤەرەو زۆریك لە رۆشنبیران شانازی پێوە دەکەن، هەمان سەرۆك لەسەروبەری ئەو ڕیفراندۆمەدا لە چاوپیکەوتنێکدا فەرمووی لە 58 سالَ کاری سیاسیمدا بۆ تەنها یەك ڕۆژیش باوەڕم بە سەربەخۆی کوردستان نەبووەو بۆی تێنەکۆشاوم. هەر ئەم سەرۆکەی حکومەتی فیدرالی عیراق ئەگەر تەنها ڕۆژیك سوێند بە یەکێتی خاکی عیراق نەخوات پێیوایە سبەینی دەسەلاتەکەی قۆرخ دەکەن. لەمەشیان گەڕێن، ئاخر بەڕیزانی نێو پەرلەمان ئەوەی ئێوە شانازی پێوە دەکەن کە گوایە مام جەلال سەرۆکۆماری عیراقە بەرگەی دوو بەهاری تر ناگرێتو دلنیابن کە لەیەکەمین ئێستگای جێکەوتنی ئەم دەسەلاتەدا برا فاشیست وشوڤێنیستەکانی دەسەلات بەهاوکاری نوێنەرانی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران، پێی خۆی قایم دەکاتو دەکەونەوە شمشیر ڕاوەشاندن. ئەو کاتە ئەم شانازی کردنەش دەبێتە بلقی ژێرئاو. ڕەنگە خۆتان واتەنی ئەوکاتە کوردەکانی هەندەران بلێن "ئیمە کوردین"، ئای کە حەکیمن بۆ یاریکردن بەم کارتەی کوردایەتی. لەپالَ هەمموو ئەمانەشدا من دلنیام ئەو کاتەش بۆ ئەوەی جارێکی تر بیسەلمێنەوە کە حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بەوەفانو تا دوا تنۆك پێ لەسەر یەکێتی خاکی عیراق دادەگرن، دیسانەوە دێنەوە سەر لێدانەوەی قەوانە کۆنەکەو هەمووشتێك دەکەنە قوربانی " مەصلەحەتی کورد " ئای ماشەلاَ لە گەورەی خواو حەکیمی ئێوە بۆ ئەو((مەسلەحەتە)) چەندە میهرەبان وبەخشندەن.

ماوەتەوە بلێم لەبیرمان نەچێت ئەو بەڕێزانەی پەرلەمان ئەوەشیان بە فەرزوەرگرتووە کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە هەندەرانن نەك هەر عیراقی وفیدرالێن بەلکو ئایندارو ئیسلامیشن. کەواتە ئەگەر ڕۆشنبیران نایانەوێ خۆیان بۆ ئەو سەرگەرمیەی تر هەلگرنو بە مەزهەبی وئیسلامیش ناوزەدیان بکەن ئەوا دروستتروایە کە تەکلیفی خۆیان هەرچی زووتر لەگەل دەسەلاتو سیستەمێکدا یەکلایی بکەنەوە کە پێوانەی بۆ دیاری کردنی بەهای تەکەکانی کۆمەلگا، قەومو عەشیرەت وهۆزو بنەمالەو ئاین وئایدۆلۆژیاو ڕەگەزو تایفەیە. ئەگەر دەمانەوێت داکۆکی لە مافو ئازادیەکانمانو لە هەویەتی ئینسانیمان بکەین دەبێت بە کردەوە عەزمی خۆمان جەزم بکەین بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی عەلمانی کە دەستی هەرجۆرە فاشیزمو قەومگەراییو خودایەکی سەر زەمینو ئاسمانی لێ بەدور بێت!